KURDISTAN NET کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

# تەنانەت تۆش کاک مەسعوود!

حەمەسەعید حەسەن

تا هەفتەیەکیش پێش ئەوەی ناوی سەرکۆمار و سەرەکوەزیرانی نوێی عێراق ئاشکرا بکرێن، پدک و ینک هەر دەیانگوت، بە کەمتر لە یەکێک لەو دوو پۆستە گرنگە قایل نابین. کە دڵنیا بوون لەوەی لە ڕوانگەی عەرەبی عێراق و ئەمریکاوە، کورد لەوە کەمترە شیاوی یەکێک لەو دوو پۆستە بێت، گوتیان: دابینکردنی مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان گرنگە، نەک ئەم یان ئەو پۆست! جا کە لەسەر ئاستی عێراق، پۆست گرنگ نییە، ئەدی بۆچی شەش ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی واشینگتۆندا تێپەڕیوە و لەسەر پۆستی وەزیرێکی ‹هەرێمی کوردستانی عێراق،› یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکەتان دوا خستووە! ئەوە بۆچی بەرانبەر دوژمنان هێندە نەرم و نیانن و لە ئاستی یەکدیدا، هێندە سەرسەخت!

کورد دەرس لە ئەزموونی تاڵی خۆی وەرناگرێت. جەلالی هەموو هێلکەکانی لە سەبەتەی بەعسدا دانابوو، هەر کە لە یازدەی ئاداری ١٩٧٠دا، بەعس و مەلایی ڕێک کەوتن، جەلالی هەرەسی هێنا. پارتی هەموو هێلکەکانی لە سەبەتەی ئێراندا دانابوو، هەر کە لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا، سەددام و شا ڕێک کەوتن، شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆ هات. کە ئەمریکا پەلاماری عێراقی دا، کورد هەموو هێلکەکانی لە سەبەتەی ئەمریکادا دانا، کە عەرەبی عێراق و ئەمریکا ڕێک کەوتن، کورد بووەوە بە هاووڵاتیی پلەی دوو.

دێماگۆگیک کەسێکە دەتوانێت بەراوەژوو کەڵک لە تووڕەبوونی خەڵکی وەربگرێت. شەکسپیر لە یۆلیۆس تزاردا لە یەک دیمەندا، سەرەتا بە هۆی ‹پرۆتۆس›ەوە و دواتر بە هۆی ‹ئەنتۆنیوس›ەوە، هەر جارەی بەو جۆرە خەڵکە وروژاوەکە فریو دەدات کە خۆی دەخوازێت. بە هۆی گەمەکردنەوە بە وشە، خەڵکەکە سەرەتا پشتگیریی لە بکوژانی یۆلیۆس تزار دەکەن، کەچی هێندە نابا سەنگەریان لێ دەگرن. ئەم نموونەیەم بۆیە هێنایەوە، بڵێم: سەرانی کورد، کەسانێکن دێماگۆگیک، میللەت بە مێگەل دەزانن، هەر ڕۆژەی جۆرە قسەیەکی بۆ دەکەن و بەردەوام فریوی دەدەن.

سەبارەت بەو لامەرکەزییەی کە هێندەی نەمابوو تاڵەبانی ساڵانی شەست بۆ کوردی وەربگرێت، دەیگوت: ئەم لامەرکەزییە لە ناوەڕۆکدا لە ئۆتۆنۆمی دەوڵەمەندترە. دەربارەی وتووێژی زڕی ساڵی ١٩٨٤ی نێوان ینک و بەعس، دەیگوت: سەددام بەڵێنی پێ داوم کوردستان بکاتە بەهەشت ‹و تجری من تحتها الأنهار!› یۆلیۆس تزار کە دیتی پرۆتۆسی زاوای سەرۆکی پیلانگێڕانە و بۆ کوشتنی هاتووە، گوتی: تەنانەت تۆش، پرۆتۆس! گوتمان مامە لەمێژە خەریکی فریودانی خەڵکە، ئەدی کاکە تۆ بۆچی هەمان ڕێ دەگریتە بەر و دەڵێیت پۆست گرنگ نییە؟ گوێت لێ نییە، کوردان دەبێژن: تەنانەت تۆش، کاک مەسعوود!

بڕگەی جیمی ماددەی شەست و یەکی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق دەڵێت: ‹ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا، دەستووری هەمیشەیی پەسەند نەکەن، ناخوات.› ئەم تیغە دوودەمە کە هاوزەمان دەتوانێت ناحەزانی کورد و کوردیش ببڕێت، هەموو ئەو شانازییانەیە کە گرووپی کوردی بۆیان تۆمار کردووین و لە ‹٨ی ئاداری ٢٠٠٤›ەوە خۆیانی پێوە با دەدەن! بەوەدا وەک بەڵێنیان دابوو، بیکەنە بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی و بۆیان نەکرا، پووشی ئەو شانازییەشیان، ڕەشەبا بردی. ئاخۆ ئیدی بە چ هیوایەکی ساختەی دیکە، مێگەلی کورد فریو بدەن؟

2004. 06. 07